وەزارەتی نەوتی عێراق کێی داهاتی مانگی رابردوو بەاوکردەوە

وەزارەتی نەوتی عێراق کێی داهاتی مانگی رابردوو بەاوکردەوە

کێی داهاتی نەوتی عێراق بە مانگی رابردوو زیاتر لە 8 ملیار دۆلار و نیو بووە، ئەمە بە پێی قسەی وەزارەتی نەوت.

وەزارەتی نەوتی عێراق بەاویکردەوە، کێی هەناردەکردن و داهاتی بەدەستهاتووی نەوت بە مانگی تشرینی دووەمی رابردوو بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان کە لەلایەن کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراقی "سەمە" دەرچووە، 8 ملیار و 512 ملیۆن دۆلار بووە.

وەزارەتەکە دەڵێت، کێی گشتی هەناردەی نەوتی خاو 102 ملیۆن و 975 هەزار و 782 بەرمیل بووە و لەگەڵ داهاتەکەشی 8.512 ملیار دۆلار بووە.

لە ئامارەکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کێی بڕی هەناردەکراوی نەوتی خاو بە مانگی تشرینی دووەم لە کەرگە نەوتییەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق 101 ملیۆن و 764 هەزار و 620 بەرمیل بووە.

بڕی هەناردەکراو بە ئوردن گەیشتووەتە 172 هەزار و 383 بەرمیل، هاوکات هەناردەی گەیارە ملیۆنێک و 38 هەزار و 779 بەرمیل بووە.

دەشێت، تێکڕای بێی هێناردەکراوی ڕۆژانە گەیشتووەتە (3) ملیۆن و 433 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. وەزارەتی نەوت ئاماژەی بەوەشکردووە تێکڕای نرخی هەر بەرمیلێک کە فرۆشراوە گەیشتووەتە 82 دۆلار و 66 سەنت.